**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٥٣٠٤ لە ٢٠١٨/١٠/١٦**

## بــڕیــار

ئاماژە بە ئەحکامی ماددەکانی (٢٦) و (٢٧) لە یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٠ ، و ماددەی (بیست و چوارەم) لە یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی ، بڕیاردرا بە:

١- قەدەغەکردنی هەر ڕێککەوتنێك بە هەر شێواز و لەژێر هەر پاساوێکدا بێت لە نێوان پزیشك و دەرمانساز و مەندوبی کۆمپانیاکانی بواری (دەرمان و پێداویستی پزیشکی و پێداویستی تاقیگەیی و مادده کیمیاوی و بەکتریۆلۆژییەکان و ماددەکانی تایبەت بە بواری پزیشکی ددان و ئامێری پزیشکی و ئامێرەکانی خزمەتگوزاریی پزیشکی و مادده کارا و ناکارەکان و ماددەکانی پێچانەوە کە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی دەرمان بەکاردێن و دەرمانی گیایی و تەواوکەری خۆراك) کە مەبەست لێی ساغکردنەوەی ئەو بابەتانە بێت لە بەرامبەر مەبەستی بازرگانی و سوودی کەسی لە دەرەوەی چوارچێوەی دیاریکراو بۆ پیشەی پزیشکی وەك حاڵەتە نەخوازراوەکانی پێدانی پاداشت و شیرینی و سەفەر و هەر ئیمتیازاتێکی تر بە پزیشك یان یەکێك لە کەسە نزیکەکانی تا پلەی چوارەم لە بەرامبەر ساغکردنەوەی نادروستی دەرمان و ئەو بابەتانە.

٢- پێویستە لەسەر ئەو پزیشکانەی کە لە پێش دەرکردنی ئەم بڕیارە ڕێککەوتنی لەو جۆرەیان کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا هاتووە لەژێر هەر پاساوێکدا ئەنجامداوە، دەسبەجێ هەڵیبوەشێننەوە. بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەریان دەگیرێتەبەر لەبەر ڕۆشنایی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو بە حەواڵەکردنی کەیسەکانیان لەلایەن داواکاری گشتییەوە بۆ دادگاکانی لێکۆڵینەوە سەرەڕای سزا و حوکمە بەرزەفتییەکان کە لە بەشی (چوارەم) لە یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٠دا هاتووە.

٣- پێویستە لەسەر پزیشك و پزیشکی ددان لە کاتی نووسینی ڕەچەتەی پزیشکیی دەرمان بۆ نەخۆش تەنها ناوی زانستی بنووسن و بە هەموو جۆرێك قەدەغەیە لەژێر هەر بیانوو و پاساوێکدا ئاماژە بدرێت بە ناوی بازرگانی یان کۆمپانیا و ڕەگەزنامەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر یان دەرمانخانەیەکی دیاریکراو ، بەڵکو نەخۆش ئازادە لە هەر دەرمانخانەیەك خۆی بیەوێت و لە هەر کۆمپانیا و ناوێکی بازرگانیی ڕێگەپێدراو.

٤- لیـژنە پەیوەندیدارەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانی و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کواڵێتی کۆنترۆڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی تری هاوشێوە دەستکراوە دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پشکنین و بەدواداچوون و گرتنی سەرپێچییەکان و دەستنیشانکردنی ناوی ئەو کەس ولایەنانەی دەبنە ڕێگر لە بەرامبەر

